# چرپەی داپیرە



وێنە: غەمگین فەتاح (١٥) ساڵ

نمنم چەند رۆژێکە خەریکی رازاندنەوەی پێنووسێکە. لە کاغەزی رەنگاورەنگ و لۆکە، پرچ و لوت و چاوی بۆ دروست ئەکات. هەر کاتێکیش لێی ئەپرسم: نمنم گیان، هەر پێت نەوتم ئەو پێنووسە بۆ چییە؟ بەزەردەخەنەیەک وەڵامم ئەداتەوە: پەلەمەکە داپیرە، دوایی پێت ئەڵێم.

بەخوا ئەگەر بزانی بۆ چییمە، یەکسەر ئەو گوڵەیەخەیەی خۆتم ئەدەیتێ!

سەر لەبەیانی هاورێکانی هاتن بەشوێنیدا بۆ قوتابخانە، نمنم هەر لە دوورەوە پێنووسەکەی بەرز کردەوەو هاواری کرد: ئەها من چیم بۆ دروست کردووە، ئەی شتەکانی ئێوە کوان؟ هەر منداڵەو شتێکی لە جانتاکەی دەرهێنا. باوان نیگارێکی رەنگاورەنگ و کاڵێش فردێلەیەکی جوان.

نمنم بە سەیرکردنی فردێلەکەی دەستی (کاڵێ) وە خەریک بوو، ئاگای لێنەبوو کە باوان بە دڵێکی خۆشەوە هاتە لام و پێی وتم: ئەوە قوتابییەکی تازەمان بۆ هاتووە، جارێ رانەهاتووە، هەر ئەگری و ئەڵێ قوتابخانە خۆش نییە. نمنمیش ئەڵێ گەر هەریەکەمان دیارییەکی پێشکەش کەین، زوو قوتابخانەی لا خۆشەویست ئەبێت!

ئەم قسەیە ئەوەندەی تر نمنمی لا شیرین کردم. ئیتر خۆم بۆ نەگیرا، نمنمم بانگ کرد، گوڵەکەم لەیەخەی خۆم کردەوەو دام لەیەخەی و بە زەردەخەنەیەکەوە پێم وت: مەپرسە ئەوە چییە، کەلەقوتابخانە گەڕایتەوە پێت ئەڵێم!

وێنەی بەرگ: سائیر بەدری

سەرنوسەر

**پەپوولە:** گۆفارێکی رۆشنبیری ـ پەروەردەیی منداڵانە. **خاوەن ئیمتیاز:** هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. **سەرنوسەر:** یاسین قادر زرگوێزی. **دەستەی نوسەران:** ئەحمەد محەمەد، نەریمان عوسمان. **بەشی هونەری:** مەریوان جەلال ، سائیر بەدری. **هەڵسوڕێنەری چاپ:** ئەمیر بەکر قەساب، گارزان محەممەد رەمزی، فەرهاد ئەحمەد. **سەرپەرشتی کۆمپیوتەر:** ئالان عەلی، گارزان محەممەد نادر. **پەپوولە** مانگی جارێک لە سلێمانی لەلایەن **منداڵپارێزی کوردستانەوە** بە تیرازی (٢٠٠٠) دانە بڵاودەکرێتەوە. **فەرزو مۆنتاژی کۆمپیوتەری** لە بەشی هونەری گۆڤارەکە دەکرێت و **چاپکردنی** لە ئۆفسێتی دلێرە. **نرخی**(٣) دینارە. **ناونیشان:** کوردستان ـ سلێمانی ـ بینای خاکTV. ژ.تەلەفۆن (٣١٢٤١٢٤) یان (٣١٣٠١٠٠).

***PAPOOLA***: MONTHLY CULTURAL & EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE. ***ISSUED BY***: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
No. 60- October, 2002. E-Mail: Ksc @ Ksc-Kcf.org & Internet: www.khakTV.net